تره‌مپ: جه‌نگ کۆتاییهات و ئاوه‌دانکردنه‌وه‌ی غه‌زه‌ ده‌ستپێده‌کات



دۆناڵد تره‌مپ سه‌رۆکی ویلایه‌ته‌ یه‌کگرتوه‌کانی ئه‌مریکا ئه‌مڕۆ دوشه‌ممه‌ ڕایگه‌یاند، جه‌نگه‌که‌ کۆتاییهات و له‌ئه‌مڕۆوه‌ ئاوه‌دانکردنه‌وه‌ی غه‌زه‌ ده‌ستپێده‌کات.

دۆناڵد تره‌مپ له‌په‌راوێزی واژۆکردنی پرۆژه‌ی ئاشتی له‌ ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست له‌ شه‌رم شێخ رایگه‌یاند، ئه‌و به‌ڵگه‌نامه‌یه‌ی که‌ ئه‌مڕۆ واژۆ کراوه‌ "مۆژوییه‌"، ئه‌وه‌ی به‌ده‌ستهاتوه‌ نوێنه‌رایه‌تی ده‌ستکه‌وتێکی بێ وێنه‌ ده‌کات له‌ پرسه‌ی به‌دیهێنانی ئاشتی له‌ ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاستدا.

تره‌مپ ڕونیکرده‌وه‌، "ئاشتی له‌ ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست ئێستا به‌دیهاتوه‌"، جه‌ختیشیکرده‌وه‌ که‌ شه‌ڕی غه‌زه‌ کۆتایی هاتوه‌ و یارمه‌تییه‌کانیش به‌ره‌و غه‌زه‌ به‌ڕێکراون.

ئاماژه‌ی به‌وه‌شکرد، له‌نگه‌ ئاوه‌دانکردنه‌وه‌ی غه‌زه‌ قورسترین قۆناغ بێت تا ئێستا، سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ وڵاتانی عه‌ره‌بی و ئیسلامی ده‌ربڕی که‌ به‌شداربون له‌ گه‌یشتن به‌م ڕێککه‌وتنه‌.